# هێرشێکی ڕاسیستانە کرایە سەر بەشدارانی ئاهەنگێك لە فنلەند

سالار سۆفی

لە شەوی ١ لەسەر ٢ ی ئەم مانگەدا (مانگی شەش) ، کۆمەڵێك فنلەندی کە ژمارەی تەواویان زانراو نییە (باس لە ٢٠–٢٥ کەس دەکرێت) ، بە دار و تێلای ئەستوورەوە هێرشیان کردە سەر بەشدارانی ئاهەنگی ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە شاری هێلسینکی پایتەختی فنلەند. سەرەتا پەلاماری ئەو کەسانەیاندا کە لە دەرەوەی هۆڵەکەدا بوون. چەند کەسێك کە پێیان وابوو پێکداچوونێکی ئاساییە، بە نیازی ناوبژیکردن چوونە پێشەوە، بەلام ئەوانیش کەوتنە بەر هێرش. پاشان هێرشبەران هەولیاندا بەرەو ناو هۆڵەکە بکشێن، بەلام لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا ڕووبەڕووی بەرگرییەکی گشتی بوونەوە، کە ژنانیش تێیدا بەشدار بوون. بەم جۆرە بە دەستی بەتاڵ و کورسی و دارەکانی دەستی خۆیان، بەرپەرچی هێرشەکەیان درایەوە و نەیانتوانی لە دەرگای هۆڵەکە بێنە ژوورەوە.

دیارە ئەم هێرشە، کە لە کاتژمێر یەکی شەودا، کرایە سەر خەڵکێکی ئاشتیخواز و چەندین کەس بریندار کران، هێرشێکی ڕاسیستانە بوو و نیشانەی پەرەسەندنی بیروڕای ڕاسیستی و هەنگاوێکی چۆنایەتی نوێیە، لە ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانی فنلەند و ڕەنگە ئەورووپاشدا، بۆیە پێویستی بە هەڵوێستێکی دژە ڕاسیستی یەکگرتوو هەیە.

ئەو سەرکەوتنانەی کە پارت و کەسایەتییە ڕاستڕەوەکان، لەم ساڵانەی دوواییدا، لە هەڵبژاردنەکانی چەند وڵاتێکدا بەدەستیان هێنا، نەك تەنها کاریگەری خراپیان لەسەر ناوەندە بڕیاردەرەکان دەبێت، بۆ دەست بەڕوونانی تەوژمی پەنابەرێتی و دەرکردن و فشارخستنە سەر پەنابەران بە بڕیاری ڕەسمی ڕەگەزپەرستانە، بەڵکو لە ئاستی جەماوەریشدا ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی پەنابەران و خراپکردنی باری ژیانیان و هەوڵدان بۆ ناچارکردنیان بۆ بەجێهێشتنی ئەو وڵاتانەی کەتێیدا نیشتەجێن.

ئەم سەرکەوتنانەی ڕاستڕەوەکان و بڕیارەکانی وڵاتانی جۆربە جۆری ئەورووپا لە مەڕ دەرکردنی هەزاران پەنابەر و ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی بە کۆمەڵ، دژ بە سەدان کەسی ئاشتیخواز لە هۆڵێکی داخراودا، کە دوور نەبوو ببێت بە قەسابخانەیەکی خوێناوی، زەنگێکی ترسناکن و ئەگەر پێشیان پێنەگیرێت پریشکیان دەگاتە هەموو جیهان و ئاکامی وێرانکەریان دەبێت.

وەك ئاشکرایە، بیرو بۆچوون و ڕەفتار و سیاسەتی ڕاسیستانە، نە تەنها دژ بە خەڵکی کوردە و نە دژ بە هیچ گەل و نەتەوە و ئاین و گروپێکی تایبەتییە، بۆیە پێویستی بە هەڵوێستێکی بە کردەوەی یەکگرتووی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی هەیە، کە گشت هەڵسووراوان و خەڵکانی چەپ و ڕادیکاڵ و یەکسانیخواز و ئاشتیخواز، بە جیاوازی زمان، نەتەوە، ڕەنگی پێست و شوێنی لەدیکبوون و. . . . . . . هتد، بەشداری تێدا بکەن.

بە داخەوە تا ئێستا لە زۆر وڵاتدا خەڵکی کورد بە گشتی (چەند لایەن و هەڵسووراوێکی چەپ نەبێت) ، ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە لە چالاکی و هەڵسووڕانی بزووتنەوە دژ بە ڕاسیستییەکاندا. با ئەم ڕەفتارە ڕاسیستانەیە، بانگەوازێك بێت بۆ گشت ئەو ڕێکخراو و لایەن و کەسانەی، کە تا ئەمڕۆ هەڵوێستێکی دیار و کاریگەریان نەبووە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی ڕاسیزمدا و تەنانەت بەشداری ڕێپێوانێکی هێمنانەی دژ بە ڕاسیستیشیان نەکردووە، بۆ ئەوەی بێنە وەلام و بڕیاری چارەنوسی خۆیان بدەن.

baukilaue@hotmail.com

www.kurdistannet.org